# ئایا ئەمەیە هەڵۆیستی مرۆڤانەی کۆمونیستێک؟

**هیوا گوڵ محەمەدی**



فەلەسەفەی کۆمونیزم بە واتای حاشاکردن لە خۆ و پەلاماردانی نەتەوە و نیشتمان و کولتور و خەباتی ئازادیخوازانە نیە بەڵکو بە پێچەوانەوە فەلسەفەیەکی زانستی پێشکەوتو و خاوەن کولتوری قەبوڵکردن و بەرپەرچدانەوە و ئازادیخوازیە.

کوردە توندڕەوە ئیسلامیەکان چەندە دوگم و وشک و نەزانانە لە ئیسلام گەیشتون کومونسیتە توندەڕەوە کوردەکانیش هەر ئەوەندە لە مارکسیسم و کۆمونیزم گەیشتوون.

بۆ کەسێکی ئیسلامی کورد بون شەرمە وەک چۆن بۆ کومونیستێکی کوردی کومنیزم نەزان ناسیونالیست بەرابەرە لەگەڵ فاشیزم و لە دوو ڕێگەی جیاوازاوە ئەمانە ئەگەنەوە یەک، ئەوەی ئەم دوولایەنەی وا لێکردوە کە لە خۆیان تێنەگەن ئەوەیە بە پەلامارادانی خۆیان و کولتور و جنێودان و سوککردنی نەتەوەکەیان بۆشایێ نەبونی کەسایەتی و هویەتی خۆیانی پێ پڕ ئەکەنەوە.

لە هیچکۆی دنیا دا کومونیستێک جنیو و سوکایەتی بە نەتەوەکەی خۆی ناکات بەتاییەت ئەگەر ئەو نەتەوەیە بنددەست و زوڵملێکراو بێت.

خەباتی ئازادیخوازانەی کورد بە هەموو کەم و کوڕیەکانیەوە هەڵقوڵاوی کومەڵگای کوردیە و لەبەرانبەر زوڵم و زوور و چەواساندەوەدا وەڕێ کەوتوە.

لە درێزایێ ئەم خەباتە دا بە هەزاران کەس بونەتە قوربانی و شۆڕش و شۆڕشگێڕان قورسایان بەسەر ژیانی ئاسای خەڵکەوە کردوە ئەمەش بەو مانایە دێت کە شۆڕشگێڕ خەبات بۆ نەتەوەکەی ئەکا و ئەرکی نەتەوەیە بیپارێزێ، یارمەتی بدات و ئەو قورسایانە تەحەمول بکات.

هێندێ کەس کە لە کۆمەڵگادا جێگایان نابێتەوە و توشی کێشەی کەسایەتی بوون و شۆڕشیشیان پێ ناکرێ و لە لایەکی دیکەوە هیچ توانایەکیان لە باردا نیە خۆ بە تێوری و قسەی گەورە گەورە دا هەڵ ئەواسن.

کۆمەڵگای کوردستان زەمانێک ئەتوانێ کۆمەڵگایەکی مرۆڤانە بێت کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا بێ و بۆ ئەو مەبەستەش خەباتی ئێمە دوای ئازادی وەڵات دەست پێ ئەکا.

من بەش بەحاڵی خۆم کوردستانێکم ئەوێ کە لە پێشدا سیستەمێکی مرۆڤانە، پێشکەوتو و مەدەنی هەبێ و پاشان هەموو ئەندامێکی ئەم جیهانە بە ماڵی خۆی بزانێ، بەڵام بەر لەوەی ئەم وەڵاتە دروست بکەم و بەر لەوەی ئەم سیستەمە دامەزرێنم دروشمدان قسەی بێ ناوەروکە و قسەی ڕوت ناچێتە گیرفانەوە.

ئەگەر کۆمونیستێک یارمەتی وەرگرتن لەخەڵک بۆ خۆی بە ڕەوا بزانێ و بۆ بەرانبەرەکەی بە ناڕەوا ئەوا کەسێکی نەزان و چەواشەکارە، من نامەوێ هەمان ئەدەبیات بەکار بەرم کە ئەو بەناو کۆمونیتسە توندڕەوانە بەکارێ دەبەن بۆیە هەوڵ ئەدەم وەک ناسیونالیستێک ئەو زمانە مرۆڤانەیە بەکار بەرم کە شایانی مروڤ و بەرانبەرە و دور بێ لە ڕوشاندن و بێحورمەتی پێکردن.

ئیمریکایەکان، ئەروپایەکان و تورک و ئێرانی و عەرەبە دەسەڵاتدارەکان بە جوڵانەوەی باکوری کوردستان و ڕێبەریەکەی واتە پ ک ک دەڵێن تێروریست، ئاخر ئەوان بەرژەوەندیان لەوەدایە، ڕاستە پ ک ک خۆتەقاندنەوی کردوە و لە شەڕێکا بەشداری کردوە کە ڕەنگە بە ویستی خۆشی نەبوبێ و

هەمووومان باش ئەوە ئەزانین  بەلام ئەرتەشی تورکیە لە ماوەی ئەو شەڕە دا دەیان گریلای ئەسیرکراوی ئەو پارتەی سەربڕیوە، بە هەزاران گوندی کورد نشینی وێران کرداوە و بە میلیونان خەڵکی ئاوارە کردوە ئەمە جیا لەوەی زمانی نەتەوەیەکی یاساخ کردوە و  بیست ملیون مرۆڤ ناتوانن بە زمانی خۆیان قسە بەکەن.

جا کەوا بو بۆ کومونیستێک جوان نیە هەمان دەستەواژە بە کار بێنێ کە ئیمریکایەکان  یان دەسەڵاتدارنی تورک بە کارێ دەبەن، چاوڕوانی من لەو کەسانەی خۆیان بە سوپر کومونیزم ئەزانن ئەوە بو کە لەم کاتەدا کوردەکان لە باکوری کوردستان لە هەڵبژاردندا بەشداریان کردوە و دەنگەکانیان دزاروە و ناحەقیان بەرانبەر کراوە وەدەنگ بێن و بابەت و نوسراوی نارەزایەتی لەسەر بنوسن و نیشان بدەن کە بەڕاستی مروڤایەتیان پێ گرینگە نەک هەرهەمان قسەی دوژمن و کاپیتالیزم و دژە مرۆڤەکەن بڵێنەوە ئەویش لە کاتێکدا کە ئێستا ئیتر ئەو قسانە کۆن بوون و ئەوانەی کە ئەو شتانەیان بالاو ئەکردەوە خۆیان وازیان هێنا وە و وتیان -پاس- ئێمە هەڵە بوین.

کومونیستێک ئەو کاتە ئەتوانی پەیامەکەی خۆی بگەیەنێ کە بێرێزی بە بیر و ڕای خەڵکی بیرجیاواز نەکات و بە ئاکار و دەربڕینێکی زانستیانە دەورو بەرەکەی تێبەگەیەنی.

ڕیز کردنی منداڵ دزین، تێروریست بون، جەردەوانی، ناسیونالیست فاشیت و ... نە خزمەت بە لێک حالی بونمان ئەکا و نە لە کۆمەڵگای کوردستانیشدا ڕەواجی ماوە.

ئێمەی کورد پێویستمان  بە لێک حالی بون هەیە، ئەو کومونیستانەی ئەمڕۆ ئاوا توندڕەوی( ئێکستریمیست)ن و بە ئازادی قسە ئەکەن ئەوە لە سایەی سەری ئەو نیمچە دەسەڵاتە کوردیەدایە لە باشوری کوردستان و ئەوەش بەرهەمی خەباتی ناسیونالیستی ئەو گەلەیە.

ئەری گەلۆ بەڕاستی ئەمانە کومونیستن؟ ئەرک و ڕەسالەت و دەربڕینی کومونیست ئەوەیە کە جنیو بدا و بێحورمەتی بکا و بچێتە سەنگەری کاپیتالیزم و سەرکوتگەرانەوە؟

070803